# سمایل بەگی رواندز

## ئەو لاوە کوردەی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم هەڵگری عەقڵ و دیپلۆماسیەتی ئەمڕۆمان بوو

ئامادەکردن و وەرگێڕانی:
فەیزوڵڵا برایم خان



ئەی ئێم هاملتۆنی ئەندازیاری ئینگلیزی سەرپەرشتیاری راکێشان و کردنەوەی جادەی هەولێر-حاجی ئۆمەران کە بەڕێگای هاملتۆن ناسراوە لەکتێبەکەیدا باس لەو ماوەیە دەکات کە لەکوردستان ماوەتەوە لەکۆتایی دەیەی دووەم و سەرەتای دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەم. لەبەشێکی کتێبەکەیدا بەدوورودرێژی وەسفی کەسایەتییەکی وریاو کاریگەر دەکات کەئەوکات لاوێکی دووربین و شارەزا بەکەلتووری گەلانی جیهانو زمانزان و رۆشنفکر و پێشکەوتووخواز بووە (بەخوێندنەوەی ئەمرۆ نەك بەخوێندنەوەی کاتی خۆی)، ئەو قۆناغەی ئەو پێیدا تێپەربووە، دەکرێت بەقۆناغی ئەمڕۆمان بچووێندرێت لەچەند روویەکەوە بۆ گەلی کورد، قۆناغی ئەو هەروەکو ئەمڕۆ قۆناغی پاش هەڵوەشاندنەوەی ئیمپڕاتۆرییەتی عوسمانی بووە کەگەلی کورد تیایدا ژێردەستە بووەو دامەزراندنی دەوڵەتێك لەئارادابوو و کوردی پێوە لکێندرا، کەئەویش حکومەتی عیراق بوو. ئەگەر هاتباو دەرفەت بۆ سمایل بەگ و نموونەی ئەو برەخسایە ئەوا زۆر لەنەهامەتییەکانی کورد کەمدەبوونەوەو ئەو گەلە تووشی ئەو دەردەسەرییە دوورودرێژە نەدەبوو. لاپەڕەکانی مێژوو زۆر کەم ئاماژەیان بەو کەسایەتییە داوە، بەڵکو ئەگەر باسیشکرابێت زۆر سەرپێییانە بووەو بگرە غەدریشی لێکراوە.

مێژوو نووسی ناوداری کورد د. کەمال مەزهەر ئەحمەد هەندێك ئاماژەی پێداوەو باسی ئەوەی کردووە کە لەپەرلەمانی بەغدا نوێنەربووە، چۆن بەرامبەر مەلیکی عیراق هەستاوەتەوەو داوای مافەکانی گەلی کوردستانی کردووە. ئەو مرۆڤە، ئەو لاوە، واتا سمایل بەگی رەواندزی ئەوەندە هۆشیارو وریاو شارەزابووە کە لەگفتوگۆو کۆڕەکاندا بەزمانی سەردەمی ئەمڕۆمان دواوەو زۆر پسپۆڕانە و لێهاتووانە باسی

لەسەر رەوایی بوونی داخوازییەکانی گەلی کوردستان کردووەو هەرچەندە لەناوچەیەکی دوورەدەستی وەك رەواندز بووە، کەئەو کاتە هێشتا جادەی ڤیریشی بۆ نەچووە، بەلاّم هەرگیز گوزارشتی لەبازنەیەکی تەسکی ناوچەییدا نەکردووەو هەمیشە گوزارشتی لەهەموو خواستە رەواکانی گەلی کوردستان کردووە، بەپارچەکانی تریشەوە.

ئەگەر سەرنجی ورد بدەینە یەکە یەکەی قسەکانی لەو گفتوگۆیەدا کەهاملّتۆن لەگەلّیدا ئەنجامیداوەو دەبینین مەودای ئاخاوتنەکانی هەمەلایەن و گشتگیرن و هیچ بوارێکی فەرامۆش نەکردووە. زمانێکی سادەو چڕوپڕو بەپێزی هەبووە، لەزۆربەی پێشکەوتنە شارستانییەکاندا شارەزاییەکی باشی هەبووەو واپێدەچێت جگە لەزمانی دایك، زمانی ئینگلیزی و تورکی و عەرەبیشی بەچاکی زانیبێت. لەوەلاّمدانەوەی پرسیارەکانی مەسەلە هەستیارەکاندا زۆر سەرکەوتوو بووە. سمایل بەگ بەزمانێکی دیپلۆماسییانە هەروەکو بەرپرسێکی بالاّدەست قسەیکردووەو واتا بەزمانی سەرکردەیەکی بەئەزموون. دیدێکی کراوەو میانڕەوانەو لێبوردانەی هەبووە بەپشتبەستمان بەو گفتوگۆیەی لەو نووسینەدا دەیخەمەڕوو. درکی بەپێشکەوتنی زانستی کردووەو پێشکەوتن و گەشەسەندنی ئابووری مایەی بایەخپێدان بووە لای ئەو و ئاماژەشی بەبواری گەشتوگوزاری داوە کەکوردستان دیارترین و گونجاوترین شوێنە لەخۆرهەلاّتی ناوەڕاستدا.

لێرەدا وەرگێڕدراوی لایەنێك لەو گفتوگۆیانە دەخەمەڕوو کە لەنێوان هاملّتۆن و سمایل بەگدا ئەنجامدراوە بۆ تێگەیشتن لەئاستی ئەو لاوە دلّسۆزو بەتوانایەی گەلی کوردستان.

هاملّتۆن دەلّێت: سمایل بەگ دەستی بەئاخاوتن کرد لەگەلّ من دەربارەی نەتەوەکەی و وادیاربوو زۆر تامەزرۆی قسەکردن بوو لەسەر ئەو بابەتە. لەرێگەی ئەو گفتوگۆیەوە زۆر شتم دەربارەی ئەو پیاوەو ولاّتەکەی بۆ دەرکەوت. بۆ نموونە وتی:

- ئێمە لێرە، لەکوردستان بەهاوکاری ئێوە دەتوانین هەموو ئەو شتانە بەدەستبهێنین کەبۆ پەرەپێدانی ئەو ولاّتە پێویستمان پێی دەبێت، ئێوەش لەسەرتانە هانی ئەو پێشکەوتن و پەرەپێدانە بدەن. دەبووایە سویسرا چۆنە بۆ ئەوروپا، کوردستانیش بۆ خۆرهەلاّتی ناوەڕاست هەمان شت بووایە. ئێمە بەسەر سێ ولاّتدا دابەشبووین، سەیرکە چۆن مامەلّەمان لەگەلّ دەکرێت، تورکیاش دەیەوێت لایەنگیریی ئێمە بۆ خۆی بەدەستبهێنێت، دوای ئەوەی عەرەبەکان قوتبوونەوە لێیان لەسالّی ١٩١٧دا. ئەوەی ئێستا بەدەستمەوەیە یەکێك لەبانگەوازەکانی ئەوانە لەناوچەکانی زنجیرە چیاکانی ئارارات و جۆلەمێرگ لەباکوورەوە تا دەگاتە رەواندز بلاّویان کردووەتەوە.

با ناواخنی بانگەوازەکەت بەزمانی ئینگلیزی بۆ باس بکەم: (ئەی رۆلّەکانی گەل، حکومەتی تورکیا بەتەواوی شێلگیرە لەسەر ئەوەی ئامرازو پێویستییەکانی مەدەنییەت بهێنێتە ناو ولاّتی خۆشەویستمان: کوردستانی تورکیا. رێگاوبانەکانتان بۆ ڤیرتاو دەکرێت، لەماوەیەکی کورتدا شەمەندەفەر دەگاتە گوندو شارەکانتان. منالّەکانتان بێ مامۆستاو خوێندنگا ناهێلّێتەوە، خێزانەکانتان بەختەوەردەبن. ژیانی ئارام و هەبوونی ئاسایش و خۆشگوزەرانیی ولاّتەکەمان دەولّەمەندتر دەکەن. ژیان و شەرەفی رۆلّەکانتان لەژێر پارێزگاریی حکومەتێکی دەستپاك و راستگۆدایە. هەر کەسێك هەر تاوانێك دژی ئەو حکومەتە بکات خۆی دەخاتە بەردەم بەدواداچوونی بەردەوام و توندترین سزادەدرێت، هەر هەولێکی یاخیبوون یاخود خیانەت بێ ئەوەی هیچ هەلێکی سەرکەوتنی پێ بدرێت لەگۆڕدەنرێت. لەسەر هەموو فەرمانبەرە گشتییەکان پێویستە شەونخونیی بکێشن لەجێبەجێکردنی ئەو بانگەوازو رێنمایی و فەرمانانە لەپێناوی بەختیاری و خۆشگوزەرانیی ئەو ئۆمەتەدا).دوای تەواوکردنی خوێندنەوەی ئەو بانگەوازە، سمایل بەگ وتی:

دیالێکتی هەرەشەی لێدەرچێت، بانگەوازەکە بانگەوازێکی باشە، بەلاّم ئایا دەولّەتان ئەو پرەنسیپانەیان جێبەجێکردووە..؟ کوانێ هێلّی شەمەندەفەر..؟ بۆ کاروانی ئاوارەکانی کورد ناوەستێت..؟ بۆچی هەژارو بێ دەرەتانن و داوای یارمەتی دەکەن..؟ بۆچی ئاسوورییەکان




"ئەبووایە سویسرا چۆنە بۆ ئەوروپا، کوردستانیش بۆ خۆرهەلاّتی ناوەڕاست هەمان شت بووایە"

سمایل بەگی رواندز ـ لە ١٩٣١

> **"ئێمە دەتوانین بەتەبایی و دڵپاکی لەگەڵ یەکتریدا بژین ئەگەر بێت و وازمان لێبهێنن"**

ناتوانن بگەڕێنەوە بۆ زێدی خۆیان لەچیاکانی هەکاری..؟ کوردەکان ناچاردەکرێن بەزۆرەملێ کڵاوو کلێتەی سەیر لەسەری خۆیان بنێن- هەروەك بڵێیت بەو جۆرە کڵاوانە دەبنە ئێرانیی دڵسۆز..! بەهۆی ئەو کڵاوو کلێتانەوە شەڕ هەڵگیرسا.. بەڵێ پێکەنینت بەو قسانەم دێت و باوەڕناکەیت، بەڵام ئەوە ڕاستییە.

بەهۆی ئەو کڵاوو کلێتانەوە شەڕێك هەڵگیرساو سەرکردە کوردەکانمان زۆر درندانە کوژران. بێگومان تۆ (خورشید ئاغا)ی سەرۆك خێڵی هەرکییەکان دەناسیت. سەرۆك خێڵێکی بێوەی و ئاشتیخواز بوو کەچی ژمارەیەك کورد لەگەڵ ئەو کوژران کەهیچ تاوانێکیان نەبوو و بەر لەچەند مانگێك کوژران، بەڵام شێخ سەید تەها، باوەڕم پێ بکە هەرگیز لەزیندانییەکەی ناگەڕێتەوە هەتا بگرە ئێوەی ئینگلیزیش هیچتان بۆ ئەو پێ ناکرێت.

وتم: هەر چۆنێك بێت ناتوانیت نکوڵی لەو مامەڵە باش و عادیلانەیە بکەیت کە لەعیراق لەگەڵ کورد دەکرێت.

-بەڵێ لەچەند ساڵی کەمی پێشوودا لە ڕەوشێکی باشتردابووین، بەڵام دەبینیت ئینتیداب لەدوا هەناسەیدایە، وا خەریکە زوڵمی تاکرەوی و ڕق و کینە ڕەگەزپەرستییەکان خۆی دەخشێنێتەوە ناو ناخی کوردو ئاسوورییەکان بۆ ئەوەی سەری یەکتر ببڕن. ئێمە دەتوانین بەتەبایی و دڵپاکی لەگەڵ یەکتریدا بژین ئەگەر بێتو وازمان لێبهێنن.

پرسیم: مەبەستتان ئەوەیە کەدەکرێت کوردو ئاسورییەکان پێکەوە لەسەر یەك خاکدا بژین، بێ ئەوەی دژایەتیی یەکتر بکەن..؟ ئەو جۆرە بۆچوونە لەئارادا نییە.

بەشێوەیەکی لۆژیك وەڵامی دامەوە کەنەمتوانی هیچ بڵێم و وتی:

-باشە، ئایا بەدرێژایی ئەو چاخانە ئاسوورییەکان لەکوێ ژیاون..؟ ئایا لەکوردستان نەژیاون..؟ ئێمە لەهیچ شتێکدا جیاوازیمان نییە لەگەڵ ئەواندا. هەردووکمان بەکوردی دەدوێین، دابونەریتەکانی ئێمە هەمان دابونەریتی ئەوانەو جلوبەرگیشمان هەمان جلوبەرگی ئەوانە. ئایا گوێبیستی ئەو مەزبەتەیە بوون کەهێنرایە کوردستان داوا لەموسڵمانە کوردەکان دەکات جیهاد رابگەیەنن دژ بەئاسوورییەکان..؟ ئەو مەزبەتەیە کابرایەکی خەڵکی موسڵ هێنای کەنوێنەری یەکێك لەحزبە سیاسییەکانە لەپەرلەمان، لەبەغدا، ئێمە لەڕەواندز زۆر بەزوویی درکمان بەمەبەستی گڵاویی کردو ڕەفزمان کردەوە.

پێم وت: بەڵام عیراق بەو زووانە دەبێتە نیشتمانێکی قەوارە یەکگرتوو و چییتر کێشەکان نابنە سەرچاوەی پشێویی، دەبینیت حکومەتەکەتان کە لەلایەن هەموو نەتەوەکانەوە بەشێوەیەکی ئازادانە هەڵبژێردراوە..

بەهەڵچوونەوە سمایل بەگ هاواریکرد:

-ئای کەئەمەیان چەند لەڕاستییەوە دوورە، ساڵی ڕابردوو من نوێنەری ڕەواندز بووم لەئەنجومەن. ئەمڕۆ نوێنەر نیم هەرچەندە هەموو کورد لەوەی پێی دەوترێت هەڵبژاردن، دەنگی بۆ دام..

هەڵنەبژێردرام، یاخود ڕوونتر دانەمەزرێنرام، چونکە ڕەفتارەکانم جێگەی ڕەزامەندیی بەغدای ئێستا نەبوون. لەشوێنی من کەسێك دانرا کە لەڕەواندز کەس گوێبیستی ناوی نەبووە. دەزانیت هەڵبژاردنەکەی ساڵی (١٩٣٠) لەسلێمانی لێشاوێکی گەورەی نارەزایی نەتەوەکەمانی لێکەوتەوە. سوپای عێراق خۆپیشاندەرانی گوللەباران کردو ژمارەیەکی زۆر لەخۆپیشاندەران گیانیان لەدەستدا. ئایا کام گەلی ئازاد هەیە ڕقی لەو جۆرە هەڵبژاردنە قەڵبانە نەبێتەوە..؟ جێگەی سەرسوڕمان نییە کەوا شێخ مەحمود نارەزایی نیشاندا، ئایا بۆچی حکومەتی بەریتانیا لێکۆڵینەوەیەکی کورت ناکات بەر لەوەی ڕێگا بەخۆی بدات لایەنی فەرمانڕەواکانی بەغدا دژ بەکورد بگرێت..؟ ئێستاش دوای دووساڵ جەنگی لێبڕاوانە، بەهێزی ئاسمانیتان کوردتان وردوخاشکرد کەچی هیچ لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی سەرچاوەی ئاژاوەگێڕی و هۆکارەکانی نەکران، هیچ گومانیشی تێدا نییە بۆ ئەو سکاڵایە پاساوو هۆکارێك دەدۆزنەوە.

وەڵامم دایەوەو پێم وت:

-ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینەگەڕ لەپێناو عیراق. فێری بنەماکانی هەڵبژاردنمان کردن و بەتێپەڕبوونی کاتیش فێردەبن چۆن بەشێوەیەکی باش ئەنجامی بدەن.

وتی: ئەوە ڕوونادات، مادامەکێ ئێوە ڕازیبوون بەهەموو تواناتانەوە پشتیوانیی لەزوڵم و زۆرداری بکەن. هەتا عێراق نەگاتە قەناعەت، کەگرتنەبەری توندوتیژی و خۆسەپاندن بەکوتەك ڕێگای سەرکەوتوو نییە، ئەوا بەخت یاوەری نابێت لەحوکمکردنی کوردستان ئەگەر بشبێت زۆر کەم دەبێت. بارودۆخی ئێستا لەجاران باشتر نییەو وا خەریکە هەمان شێوازە بەسەرچووەکانی تورکیا جارێکی تر لەناو گۆڕدا سەر دەردەهێنێتەوە. بەتایبەت لەو ناوچەیەی ئێمەدا، ماوەیەکی کەم بەر لەئێستا شێخ ئەحمەدی بارزان بەزەبرو زۆرداری سەرکوتکرا. هێزی ئاسمانیی بەریتانیا گوندەکانی هۆزە کوردەکان بۆردومان دەکات. بەئێمەتان وت کەوا ئەو جادەیەی کەئێستا دروستی دەکەن بازرگانیتان دەبووژێنێتەوە، باوەڕمان پێکردن، بەڵام ئایا یەکەمین شت کە لەڕێگای ئەو جادەیەوە گوازرایەوە چی

بوو..؟ سوپایەکی پێکهاتوو لەژمارەیەك فەوجی سەربازی بوو، کاروانێکی دووروودرێژی لۆری بوو بۆ گواستنەوەی چەك و تەقەمەنی و بۆمبی فرۆکەو گوللەتۆپ. زرێپۆشی سەربازی بوون کەرەشاشیان بەسەرەوەبوون. خوایە ئەوەیە عاجباتی ترین شتومەك..؟

نەمتوانی گومان لەراستیی قسەکانی سمایل بەگ بکەم، بەلام بەو پێیەی من ئەندازیاربووم دەمویست لەمەسەلە سیاسییەکان دووربکەومەوە بۆیە ویستم رێرەوی بابەتەکە بگۆرم.

دوای چەند قسەیەکی خۆش و نوکتە ئامێز، سمایل بەگ دیسان چووەوە سەر بابەتەکەی، بەلام بەنەفەسێکی هێمنانەتر وتی:

-من زۆر شت لەسەر شوێنەکانی تری جیهان دەخوێنمەوە، هەست بەهەر شتێك بکەم ئێمە لەکوردستان نیمانە، وەك تێبینیی دەیان نووسەوە (چەند کاغەزێکی لەگیرفانی دەرهێنا) ئێمە پێویستمان بەکردنەوەی نەخۆشخانەکان و خوێندنگاو پرۆژە پیشەسازییەکان هەیە. پێویستمان بەنەسلی چاککراو هەیە لەئاژەل بۆ ئەوەی بتوانین بری زیاتر لەخوری و گۆشت بفرۆشین. پێویستمان بەوە هەیە کارەبا لەروبارو تاڤگەکانمان بەرهەمبهێنین.. پێویستمان بەوە هەیە پەرە بەرێگاکانی چنین و رستن بدەین، بۆ ئەوەی لەدروستکردنی مافووردا پێشبرکێ لەگەل ئێرانییەکاندا بکەین. پێویستە پرۆژەی کۆگای ساردکەرەوەمان بۆ دابمەزرێت بۆ ئەوەی بتوانین گۆشت و میوەکانمانی تێدا هەلبگرین، چونکە ئێمە برێکی زۆر بەشێوەیەکی وەرزی بەرهەمدەهێنین.

دەکرێت کوردستان ببێتە جوانترین ولاتی ئاسیا، (لاپەرەیەکی تری هەلدایەوە) گەشتیاران لەشوێنە دوورەکانەوە رووی تێدەکەن بۆ ئەوەی خۆشی لەدیمەنە سروشتییەکانی وەربگرن و راووشکار بکەن، وەرزشی سەرکەوتنی لووتکەی چیاکان بکەن و زۆر جۆری تر لەوەرزشەکانی زستانەو بەگول و گولزارەکانمان سەرسام دەبن. ئێستا تۆ دەتوانیت لەدەریای سپیی ناوەراستەوە بەدوو سێ رۆژ بگەیتە کوردستان، ئێمە ناتوانین ئەو هەموو شتانە بەیەکجار دەستەبەر بکەین، بەلام داهاتی زۆری عیراق کە لەکێلگە نەوتییەکان دەستدەکەوێت، دەکرێت بەشێکی بۆ یارمەتیدانی ئێمە بەکاربێت لەجیاتیی ئەوەی لەو شاخ و کێوانە لەجەنگدا سەرف بکرێت و ببێتە هۆی چاندنی رق و کینە لەناو ناخی خەلکدا. ئەوەشت لەبیر نەچێت ئەو کێلگە نەوتییانە لەکوردستانن، بۆیە مافی خۆمانە داوای بەشێك لەدەستکەوتەکانی بکەین، بەلام ئەوەی ئێمە لەنەوت دەستمان دەکەوێت واپێدەچێت هەر گوللەو بۆمب بێت.

جارێکی تر قسەکەیم پێ بری و وتم:

-بەلام پێویستە یەکەمجار ئاسایش و ئارامی بچەسپێت، بۆ جێبەجێکردنی ئەو مەبەستەش ئەرکی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا بوو کەپشتگیریی لەحکومەتی عیراق لەکاتی پێویستدا بکات.

هەرچۆنێك بێت بۆردومانەکەی شێخ ئەحمەد بەشێوەیەکی زۆر بەبەزەیی و مرۆڤانە ئەنجامدرا. بەر لەوەی بۆردومانەکە دەستپێبکات لەرێگای بلندگۆکانەوە کە بەفرۆکەکانەوە هەلواسرابوون بانگەوازکرا بۆ شۆرشگێرەکان کەخۆیان و سەرکردەکەیان تەسلیم بکەن و بەلێنی لێبوردنی گشتییان پێدراو دێهاتەکانیش ئاگادارکرانەوە لەرێگای بلاوکراوەکانەوە بۆ ئەوەی ئەو شوێنانە بەجێبهێلن و دەرفەت بۆ ژن و مندالەکان برەخسێت خۆیان دەربازبکەن.

لەوەلامدا سمایل بەگ وتی:

-ماوەیەکی زۆرە تۆ لەکوردستانیت، خۆ دەبێت ئەوە بزانیت کەوا ژن و پیاوی کورد شانبەشانی یەکتری دەجەنگن، باشە، ئایا مندالەکان ئەگەر لای دایك و باوکی خۆیان نەبن لەکوێ بن..؟

چۆن دەبێت بیر لەوە بکرێتەوە کورد سەرکردەی خۆی تەسلیم بکات..؟

شێخ ئەحمەد لەگەل پیاوماقوولانی قەومەکەی خۆی لەژێر درەختێکی بەرزو گەورەدا کۆبوونەوەی کردو پەتێکی خستە ژێر پێی خۆیەوەو وتی: (دەتوانن لەنێوان هەلواسینم بەو درەختەو سازشکردن لەگەل ئەوانەی دەمانچەوسێننەوە یاخود مردن لەگەل من لەپێناوی ئازادیماندا سەرپشك بن). لەوێوە هەموویان سوێندیان خوارد تامردن بجەنگن. لەفرۆکەوانەکانتان بپرسن ئایا کەمیان لەلایەنگرانی شێخ ئەحمەد بینی لەبەردەم بۆمب و گوللەتۆپەکان و رەشاشەکان رابکەن و هەلبێن..؟ بەلام سەبارەت بەو بلاوکراوانەی لەگوندەکانت بلاوکراونەتەوە، ئایا پێتوایە تاکە پیاوێك لەو گوندانە هەبێت خوێندەواریی هەبێت کەنەخوێندەواریی لەناویدا دەردێکی کوشندەیە..؟ هەرچییەك بێت ئەگەر بێت و تۆپە سووتێنەرەکان دەغلودان بسووتێنن ئەوە مایەی بلاوبوونەوەی برسێتی و گرانیی لەو زستانەدا کەئەوەیان زۆر کوشندە ترە لەمردنی خێرا لەناو مەیدانەکانی جەنگدا.

وتم: یا سمایل بەگ، بەلام ئەو راپۆرتانەی گەیشتوونەتە بەغدا باس لەوە دەکەن کەزیانەکانی کورد کەمبوون. مەسەلە جەوهەرییەکە بریتیبوو لەوەی کەوا لەرێگای بلندگۆوە بۆ خەلکی روون بکرێتەوە کەوا ئەرکی سوپا ئەرکێکی ئاشتیخوازانەیە. کەوا پێشکەوتنی زانستیی ئەو کەرەستە

## "بەهێزی ئاسمانیتان کوردتان وردوخاشکرد کەچی هیچ لێکۆلینەوەیەك دەربارەی سەرچاوەی ئاژاوەگێری و هۆکارەکانی نەکران"

"لەبیرتان نەچێت ئەو کێڵگە نەوتییانە لەکوردستانن، بۆیە مافی خۆمانە داوای بەشێك لەدەستکەوتەکانی بکەین، بەڵام ئەوەی ئێمە لەنەوت دەستمان دەکەوێت وایێدەچێت هەر گوللەو بۆمب بێت"

موعجیزانەی دروستکردووە. هەرچۆنێك شێوازی ئێمە زۆر مرۆڤانەترە لەشێوازی عوسمانییەکان.

وتی: ئایا بروات بەو راپۆرتانە هەیە..؟ دەبووایە لەو پیاوانەی کە لەگەڵ تۆدان راستیی ناوەرۆکی ئەو بانگەوازانەت ببیستایە. ئەوەی وەرگێڕەکە بەبڵندگۆ لەئاسمان بڵاوی دەکردەوە بابۆت بڵێم. گوێ بگرە لەو نیازپاکییەی بانگەوازەکە کە لەسەرەتاکەیدا دەڵێت: (بسم الله الرحمن الرحيم) اننا سنقصفكم بالقنابل.. ئەوە ئەو دەنگەیە کە لەئاسمانەوە بۆیان هاتە خوارەوە..! ئایا ئەوە ئەو مەسیحییەتە خۆرئاواییەیە ئێوە شانازیی پێوە دەکەن..؟ ئایا ئەو رەفتارانە لەهەڵسوکەوتەکانی تورك باشترن..؟ بەلانی کەم شێخ ئەحمەد پێی وانییە. هەر لەبەر ئەو هۆیەشە لای باشتر بوو خۆی تەسلیم بەتورکیا بکات نەك لەعیراق زیندانی بکرێت، هەرچەندە دەیزانی هیچ بەزەییەك لەتورکەکان چاوەڕوان ناکرێت، کێ دەزانێت..؟ رەنگە لەسێدارەشی بدەن..؟ بەر لەوەی ئاودیوی سنووربێت، فەرمانی دا هەردوو فرۆکەوانی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا ئازادبکرێن کەلای ئەو دیل بوون. زۆر بەنەرمی رەفتاری لەگەڵ کردن. بەر لەرۆیشتنی خوانێکی بۆ ئامادەکردن و بەدەستی خۆی خزمەتیکردن، ئەوە شەرەفێکی گەورەیە شێخێکی کورد پێی هەڵدەستێت.

نەمتوانی چیرۆکەکە بەدرۆبخەمەوەو وتم من خۆم لەدەمی یەکێك لەو دوو فرۆکەوانە دیلەم بیستووە. سمایل بەگ بەردەوام بوو لەقسەکانی و وتی: -دەزانم کەوا کاری فرۆکەوانی کارێکی مەترسیدارەو ئەفسەرەکانی بەریتانیا هیچ رق و کینەیەکیان بەرامبەر بەکورد نییە. وەك سەرباز دەبێت فەرمانەکان جێبەجێ بکەن. دەبێت دڵنیابێت لەوەی کەمن وەك خۆم شێخ ئەحمەدم خۆش ناوێت، بەڵام هەموو کورد دەڵێن کەوا بەریتانیا دەتوانێت بۆ دەستەبەرکردنی ئاشتی زۆر شێوازی تر بەکاربهێنێت لەم شێوازەی ئێستا گرتوویەتییە بەر، چونکە پێشتریش لەزۆر شوێنی تر شێوازێکی تریان گرتووەتە بەر. دەپرسن و دەڵێن ئێستا چی وای لەبەریتانیا کردووە ئەوەی فەرمانڕەواکانی بەغدا داوای لێکردوون ئەنجامیان بدات..؟ بەهاندانی پێشکەوتن لەوڵات دەتوانرێت موعجیزە بەدیبهێنرێت بێ ئەوەی ئەو سامان و داراییە تەخشان و پەخشان بکرێت لەو جەنگانەدا کەجگە لەماڵوێرانی هیچ شتێکی تری لێناکەوێتەوە.

وتم: ئایا تۆ کوردستانێکی سەربەخۆت گەرەکە کەئاژاوەو پشێویی سەرتاپای بگرێتەوە..؟ خۆت باشتر دەزانیت کەدوژمنان لەهەموو لایەکەوە هێرشتان دەکەنەسەر. ئەو گوتە تورکییەت دەهێنمەوە یاد کەدەڵێت: (بەتەنها چارەسەرێك هەیە بۆ کێشەی کورد، ئەویش لەناوبردنیانە)

-نەخێر باشترین چارەسەر بەرای من بریتییە لەهاوکاریی ئێمەو عەرەب و ئاسوورییەکان، ئێمە تەنها داوای خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن دەکەین، بەڵام سوپا بۆ ئەو وڵاتە نەفرەتە کەرۆژ لەدوای رۆژ گەورەدەبێت، هەموو سامانە نەتەوەییەکەمان هەڵدەلووشێت بێ ئەوەی هیچ بەروبوومێکی لێبکەوێتەوە، لەبەغدا لەئەنجومەنی نوێنەران پرسیاریان لێکردم ئایا خەڵکی کوردستان پێشوازیی لە(خزمەتی سەربازیی ئیجباری) دەکات، وتم: (نەخێر، کورد تەجنیدیان ناوێت و پێویستیشیان پێی نییە، هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی جارێکی تر بۆ ئەمساڵ هەڵنەبژێردرێمەوە، ئەوەیان بەنیسبەت وەڵامی پرسیاری یەکەمت. بۆ ئەوەی تریان، زۆر راشکاوانە پێت دەڵێم: ئەگەر رای من وەردەگریت، فەرمانڕەوا مەلەکییەکانی بەغدا بەقەدەر نینۆکێکی پەنجە بایەخ بەرای کورد نادەن و ئێمە بەدوژمن دەزانن، ئەگەر بەدوژمنیشمان بزانن ئایا بۆچی بایەخ بەڕاو بۆچوونەکانمان بدەن..؟)

ئەوە چەند نموونەیەك بوو لەئاخاوتنەکانم لەگەڵ گەنجی کوردی خانەدانی رەواندزی، کێ دەزانێت.؟ رەنگە ئەو دیدو بۆچوونانەی بەروبوومێکی نایابی لەوڵاتەکەی لێبکەوتایەتەوە، ئەگەر هاتباو ماوەیەکی پێویستی پێ ببەخشرایە بۆ ئەوەی گەشەبکات، بەڵام شمشێری (داموکلیس) بەسەر سەرییەوە بوو، هەتا بگرە لەو کاتانەش کەسەرقاڵی تاووتوێکردنی شێوازەکانی ژیانی گەلانی تر بوو و پلانی دادەنا بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەی کە لەواقیعدا دەیبینی نەهەڵوێستە نالەبارەکانی حکومەتی عیراقی کەزۆر بەتوندی رەخنەی لێ دەگیرێت و نە سیاسەتی بەریتانیای مەزن لەرازیبوونی بەکۆتاییهێنان بەئینتیداب بەر لەو ماوەیەی بۆی دانرابوو، ئەوانە هەردووکیان بەرپرسییان لەبەئاکام نەگەیشتنی هەوڵەکانی ئەو لاوەو واقعی خێڵەکیی کورد لەو کاتەدا.

دوای کۆتاییهاتنی ئینتیدابی بەریتانیا لەعیراق، لەساڵی (١٩٣٢) دوای رۆژێك بریندارکرا، بەڵام دوای ماوەیەك لەرێگای سیپیلك بەغەدر کوژرا.

سەرچاوە:

کتێبی (طريق في كردستان)، نووسینی: A.M. Hamlton وەرگێڕانی بۆ زمانی عەرەبی: د.جەرجیس فەتحوڵلا.

تێبینی/ئەم بابەتە پێشتر لە کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، دوای وەرگرتنی رەزامەندیو لە بەر گرنگی بابەتەکە کوێستان سەرلەنوێ بڵاویکردەوە.